بەڕێز هێرۆ خان إبراهیم أحمد

ڕێز و سڵاو

Kurdistannet کوردستان نێت

ب - گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەم نامەیەم بە مام جەلال
لە بارەی فرۆشتنی گردی قشڵەی شوێنەواری و شوێنە
تالاری میرنشینی بابان و سەربازگەی حوکومەتی شێخ مەحمود

خۆت ئاگاداری و پشتگیری ئێمەشت کرد ساڵی ٢٠٠٢ کە دکتۆر بەرهەم احمد
صالح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی نیشتمانی و وەزیری داخلیەکەی فەریدون
عبدالقادر ویستیان سەرای سلێمانی بڕوخێنن و گردی قشڵە بەرامبەر دەرگای
مزگەوتی گەورە و تەنیشتی ساحەی سەراش تێکەڵ بدەن و شوێنەکانیان بکەنە دوکان
بازار بەڵام لە ژێر فشاری دڵسۆزانی خەڵکی شار و یاداشتە دوازدە لاپەڕەیەی
بە (١٠١٠) کەسی واژیان هێنا بەڵام دیارە حەقد لە دڵی بەرهەمی ناکوردا مابوە
تا لە (٦ نیسانی ٢٠٠٤) دا بە بڕیاری (١٢٨) و بە ئیمزای خۆی گردی قشڵەی
فرۆشت بە دەوڵەمەند حسین ملا صالح شریف بە (٨٠٠) هەزار دۆلار بۆ سوکایەتی
کردن بە شوێنەوار و مێژووی شاری سلێمانی و سوکایەتی کردن بە هەستی خەڵکەکەی.
دائیرەی شوێنەوارانی سلێمانی لە ١٩ حوزەیران تا ١٠ ئاب ٢٠٠٥ پشکنینی (تنقیبات)ی
لە گردی قشڵە داکرد کە دەستە شوێنەواریی (٦٠٠٠) ساڵ تێدا دۆزیەوە هەروەها
(معبد) ێکیش کە بەشێکی کەوتوەتە ژێر سینەما سیروان دا، گومانیشی نیە لە ژێر
سینەمادا شوێنەوارێکی زۆری هەیە و دەبێ ئەم شوێنە ڕزگار بکرێت و نەکرێتە دوکان و بازار
داوا لە بەڕێز مام جەلال دەکەین تا ڕۆژی جومعەی داهاتو ئەگەر
پارەی کڕیار و زەرەر و زیانی دەداتە پێی باشە دەنا ئێمە شکایەت لە یەکێتی نیشتمانی و بەرهەم
دەکەین لە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و لە لای پەرلەمانی عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان،
و لە پەرلەمانی کوردستان و ئیمزاشمان کۆ کردوە، بە قەبری ئەو شێخ مەحمودەی کە بەرامبەر
گردی قشڵەیە [illegible] عیراق، کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی ...
دەکەین ئەم شکایەتە بگاتە کۆنگرێسی ئەمریکا و جۆرج بوش،
داوا ئیعدام کردنی بەرهەمی خاینی مێژوو و شوێنەوار و کەلەپوری شارستانیتی کورد دەکەین
لە حوکومەتی عیراق کە حوکومەت ڕۆژی ٢٢ و ٢٤/٥/٢٠٠٥ چەند کەسێکی ئیعدام کرد
لە خەڵکی ناصریە و کوت و دیوانیە لە سەر تێکدان و دزینی ئاسارەکان. بەرهەم و گورگە
لۆر (شارەوانی سلێمانی) بە قوربانی شارەوانی ئاکرێ بن کە شارەوانی ئاکرێ (٢٢ دۆنم)
زەوی لە نێو شاری ئاکرێ بەشی تونێکدا دەکردە خانوبەرە بەڵام بە یەک سەفەرم بۆ ئاکرێ شارەوانی
وازی هێنا. حاکم احمدی باوکی بەرهەمیش تاوانبار بوە بەرامبەر هەمو سجلەکانی مەحکەمەی
سلێمانی بە تورکییەکانی عوسمانی و بە کوردییەکانی شێخ مەحمود و تا پاشای ١٩٦٤ لە زمانی کوردییان
بەکوردی بوە داوای حاکم احمد کرد لە سەرۆکەکانی مەحکەمە بۆ ... کتێبخانەی
ئەوقافی سلێمانی بۆ کتێبخانەکەی خۆی کە لە ترسی زروف و ... بۆ تالانکراوە
لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا سوتێنران و لە نێوچو،
تکایە بە تەلەفۆن ئەم نامەیەم بۆ مام جەلال بخوێنە و ئاگادارم بکە بە وەڵامەکەی
بۆم موبایلە ١٤١٢٤٤١ .

عبدالرقیب یوسف